# گرنگی دیاری کردنی ستراتیژی نەتەوەیی گەلی کورد لە رۆژگاری ئەمرۆماندا

ئەکبەر جەهانگیری

پاش تێپەڕبوونی چوارسەدە بەسەر دابەشکردنی کوردستان بۆ دووبەش لەپەیمانی قەسرشرین و دابەشکردنی کوردستان بۆ چوار بەش لەپەیمانی لۆزاندا. دەتوانرێت بوترێت بەرەنجی گەلی کورد، ئەمڕۆ لەباشووری کوردستاندا گەلی کورد بوەتە خاوەن ستاتۆیەکی گرنگ و بەفەرمی دەناسرێت، هەڵبەتە ئەمە مایەی دڵخۆشی هەموو کوردێکی بەشەرەفە، لێرەدا ناتوانرێت بوترێت کە ئەم دەسکەوتە، تەنها بەرەنجی هەندێك کەس یان پارتی بەدەست هاتووە و دوورە لەرەنجی گەلی کورد، بەهەزاران رۆڵەی ئەم گەلە خوێنی لەسەر ئەم خاکە رژاوە و ئەنفال و هەڵەبجە بەدەلەکەیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەسکەوتە نابێت تەنها بەرەنجی پارچەیەك لەقەڵەم بدرێت و رەنجی پارچەکانی دیکەی تیادا نەبینرێت، چونکە پارچەکانی دیکەش راستەوخۆ و ناراستەوخۆ رەنجی بەرچاویان داوە، گەلی کورد سەرباری ئەو پارچەبوونە درێژە و ئەو سیاسەتی پاکتاوکردنە بۆ ساتێکیش بێت وچانی بەخەباتی نەتەوایەتی خۆی نەداوە و هەمیشە لەنێو تێکۆشاندا بووە، سەردەمانێکە لەباشووری کوردستان گەلی کورد توانیویەتی نیمچە سەربەخۆییەك بەدەست بخات و لەهەمانکاتیشدا دوور نەبووە لەگەمە سیاسیەکان و هێرشی وڵاتانی دەوروبەر، کە ئەمە تارۆژگاری ئەمڕۆشمان بەردەوام دەکات، بەڵام ئەمڕۆ شتێك کەلەمەترسی دووردەخاتەوە ئەویە کەئیتر کاتی هاتووە مەسەلە نەتەوییەکان بکەونە رۆژەڤەوە و لەباشووری کوردستانەوە پشتیوانی ئاشکرای پارچەکانی دیکە بکرێت، چونکە ئەو دەسکەوتە بۆ ئەوە نەبوو کەهەندێك لەسەری دانیشن، بۆ رۆژێکی وەکو ئەمڕۆ بوو کە گەلەکەمان لەپارچەکانی کوردستان دیکەی کوردستان تووشی چەوسانەوە و زوڵمکاری دەبن، لەلایەکی دیکەشەوە تێکۆشانی دیموکراتی گەل لەپارچەکانی دیکە تادێت بەرز دەبێتەوە بۆ ئەمەش پشتیوانی و پاراستن و هەڵوێست پێویستە، کەئەمەش خۆی لە کۆنفەرانسێکی نەتەوەییدا دەبینێتەوە تاوەکو بتوانرێت ستراتیژسێکی هاوبەشی کوردان دابنرێت و بەو پێیەش هەڵسووکەوت بکرێت، لەکاتی ئێستادا ئەمە بۆ گەلی کورد پێویستییەکی هەنووکەییە، کە نابێت پشت گوێ بخرێت، پەرلەمانی کوردستانی باشوور، کۆنگرەی گەلی کوردستان، کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لەدەرەوەی وڵات، کە سێ دەسەڵاتی گرنگن لە کوردستاندا بەپلەی یەکەم ئەرکێکی بەوشێوەیەیان دەکەوێتە پێش و رۆشنبیرانی گەلی کوردیش بەسەربەخۆ و بەهی پارت و دەسەڵاتیشەوە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی، دیاسنەوە بۆ بە رۆژەڤ کردنی ئەم مەسەلەیە لە نێو جەماوەردا، هەمان ئەرکیان دەکەوێتە ئەستۆ، دەتوانم ئەوەش بڵێم کەسەرەتا گەلی باشووری کوردستان و پەرلەمانی کوردستان، بۆ پاراستنی ستاتۆی باشوور، پێویستە پێشەنگایەتی بۆ ئەم کارە بکەن و خۆیان لەو پارچەگەرێتییەو بێ خەمییە رزگار بکەن، کەساڵانە دوژمنانی گەلەکەمان وەکو نەخۆشییەك بڵاوی کردۆتەوە، کار بۆ دیمکراتیزەکردنی ئەو پارچەیە بکەن، بەهەڵوێستی نەتەوەیی و دیموکراتییانە، پیشتیوانی خۆیان بۆ پارچەکانی دیکە نیشان بدەن، کە ئەمە لەهەمانداتیشدا بۆ خۆی پاراستنی باشووریشە، لەبیرمان نەچێت کەئیستا تورکیا و ئێران لەسەر سنووری باشووری کوردستان هێزی خۆیان  کۆکردۆتەوە تەنها بۆ مەسەلەی ( پ ك ك ) نییە، وەکو هەندێك کۆلکە سیاسەتمەدار بیری لێدەکەنەوە و دەڵێن: "( پ ك ك ) لەباشوور نەمێنێت تورکیا هێرش ناکاتە سەر باشوور" ، ئەو ستاتۆیەی باشووری کوردستان تا ئێستا لە رووی مەعنەوییەوە هێز دەداتە پارچەکانی دیکەی کوردستان، سیاسەتی پاکتاوکردن و گۆشەگیری سەر کوردان ناهێڵێت، لەکاتێکدا ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کابینەی خۆی رادەگەێنێت، ئەمەش بەهێز بوونی کوردان نیشان دەدات، تورکیا و ئێران لەم ستاتۆیە هەراسانن، جا بەهێزکردن و پشتیوانی کردنی پارچەکانی دیکەی کوردستان لەهەمانکاتدا، بەهێزکردنی باشووریش دەگەیەنێت، ئێران و تورکیا ( پ ك ك) دەکەنە بەهانە، بەڵام لە راستیشدا ئامانجیان لاوازکردنی ئەو ستاتۆیەی باشوورە، بەهێز بوونی باشووریش خۆی لە پشتیوانی پارچەکانی دیکەدا دەبینێتەوە، چەندە تێکۆشانی پارچەکانی دیکە لاواز بێت، ئەوەندەش هێرشی سەر پارچەی باشوور زیاد دەبێت.

داخوازی گەلی کوردیش هەمیشە یەکێتی کوردان بووە، ئەو پارتە سیاسیانەش کەئێستا رێبەرایتی گەلی کورد دەکەن لەهەرچوارلای کوردستان پێشکەوتوون، لەم قۆناخە هەستیارەدا، نابێت خۆیان لە بەر پرسیارییەتیەکی بەشێوەیە بەدوور بگرن و لەدووری داخوازییەکانی گەلی کورد هەڵسووکەوت بکەن، هەروەها رۆشنبیرانیش لەپێشخستنی ئەرکێکی بەو شێوەیەدا رۆلی یەکلاکەرەوە دەبینن، بەرای من بێدەنگی لەمەودوای ستاتۆی سیاسی باشووری کوردستان هاوهەڵوێستی وڵاتانی سەردەستی کوردستان دەگەیەنێت، لەهەمانکاتیشدا بەجێ نەگەیاندنی ئەرکی نەتەوەییە، کە ناکرێت لەم قۆناخەدا پشت گوێ بخرێت.